
www.kungfutoa.ch/ayub.rahmani



ئەیوب ڕەحمانی
rahmayub@yahoo.de

# ئایا درێژە بە شۆڕشی بچوک بەین یا شۆڕشی گەورە بکەین؟

کورد ئەوەتا هەیە و بوە دژی دژبەرەکانی خۆی و دژی داگیرکەرانی ولاتەکەی شۆڕش دەکات و شۆڕش لە ناو خوێنیایەتی، هەر ئەمە بۆتە سەبەبی ئەوەی کە چ لە ڕابردودا و چ ئەمڕۆکە هەر کات شۆڕشێک لە ناوچەیێکی کوردستان سەرهەڵدەدات و سەرکوت دەکرێت، ماوەێک نابات یا هەر لەو ناوچە یا لە ناوچەیێکیتری کوردستان شۆڕشێکی نوێ سەرهەڵدەداتەوە و تا دێن ئەویش سەرکوت کەن، یەکێکیتر و دوانیتر سەر هەڵدەدەنەوە. ئەم ماندوویی نەناسینەی کورد تەنیا و تەنیا یەک سەبەبی هەیە و ئەویش ئەوەیە کە کورد تینوی ئازادیە و ئازادی بۆ ئەم نەتەوە وەک ئاو و هەوا ژینەر و لازم و زەروریە. ئازادی نەتەوەیش تەنیا کاتێک مسوەگەر دەبێت کە نەتەوەێک قۆناخی سەربەخۆیی نەتەوایەتی تێپەڕاندبێت. واتە پێش شەرتی وەدەست خستنی ئازادی نەتەوایەتی، سەربەخۆیی نەتەوایەتیە.

وەدەست خستنی سەربەخۆیی ئا لەم قەیرانە قوڵەی کە ئەمڕۆ کوردی تێیدایە زۆر زەحمەتە، کورد دابەش کراوە بە سەر پێنج ولاتدا و بە دوا تێپەڕینی نزیکەی یەک سەدە و بەڕێوەبردنی سیستماتیکی جێنۆساید و ئاپارتایدی نەتەوەیی و زمانی و کولتوری، لە لەیەن داگیرکەرانی کوردستان بە سەر ئەم گەلە مەزڵومەدا، کوردەکان لێک زۆر دور کەوتونەتەوە و ئەمڕۆکە هەر بەشەی شمشاڵی خۆی لێ دەدات، ئەم شمشاڵی خۆ لێدانە ئێستا ئیتر لە ناو بەشەکانیشدا بۆتە باو و سیاسەت بوە بە کا بە با دان و هەر کەسەی بە گوێرەی سەلیقە و نفوز و بیر و باوەڕی خۆی و حیزبەکەی کا بە با دەدات و لە هەر لایکیشەوە با بێت ئەو شەنی خۆی دەکات و لە ڕوی تەعەسوبی حیزبیشەوە هێندە خراپ شەن دەکات کە زەرەری بە تایبەت بۆ دەورو بەری خۆی و بە گشتیش بۆ گەلی کوردستان زۆرە و زۆر جاران هیچ قازانجێکیش وەگیر خۆی ناکەوێت و بگرە تەنانەت توش دوژمنایەتی و شتی خراپیش دەبێت و هەر ئەمە زەربەی زۆر کوشەندەی لە ڕەوتی بەرەو پێش چونی ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوایەتی چ لە ڕابردو و چ هەنوکەش داوە و دەیدات.

گەلی کورد تا خاوەنی ئەم عەقڵیەتە بێت و تا حیزبە سەرەکیەکان لوت بەرز بن و تا سەرەڕۆیی و تەکرەوی حیزبی لە کوردستان باو بێت، کورد نە تەنیا بە هیچ نابێت و ئەو بستە زەویەش کە هەیەتی لێی دەستێننەوە، بەڵکو لە داهاتوشدا یا توش شەڕی ناو خۆ دەبێت و ماڵوێرانی بۆ گەلی کورد بە دواوە دەبێت، یا حیزبەکان بە تاکی خۆیان توش کورد فرۆشی و هەڕاج کردنی کوردستان دەبن یا بون!!
ئاخر هیچ مانایێکی نیە تۆ حیزبێک بیت و بە ئارەزوی دڵی خۆت کایە بە چارەنوسی نەتەوەێک بکەیت و بۆ خۆت هەڵبژێری و بۆخۆت بیبری و بۆخۆشت بیدوری، بە بێ ئەوەی کە پرسیارێک لە خەڵکی کوردستان بکەیت! بۆ ئێوە خەڵک و ئیرادەی نەتەوەیی بە هیچ دەزانن؟ بۆ بە ناوی خەڵکەوە شت دەکەن؟ بۆ بە بێ پرسی خەڵک

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

**هەڵس و کەوت دەکەن؟ ئەمانە کۆمەڵە پرسیارێکن کە دەبێت لە حیزبەکان بکرێن و نابێت ئیزن بە هیچ حیزبێک بدرێت کە سەرەڕۆیانە و لەخۆوە کار بۆ خەڵک و بە ناوی خەڵکەوە بیکات. دەبێت لەم بارەوە سوپاپی ئەمنیەتێک، ستاندارردێک و یا پێداڵێکی ستۆپ هەبێت!!**
**تەکرەوی و لوت بەرزی بە دەیان جار لە هەمو پارچەکانی کوردستان بە تایبەت باکور و رۆژهەلات و باشور، کوردی توش شەڕی ماڵوێرانکەری ناوخۆیی کردوە و بە هەزاران رۆڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بونەتە قوربانی شەڕئەنگێزی و فیتنەگەری و لوت بەرزی و هەزم نەکردنی ئازادی ڕادەربڕین. خەڵکی کوردستان مافی لە پسان نەهاتوی خۆیانە کە لە حیزبەکان بپرسنەوە کە بۆ شەڕی ناوخۆیان کردوە و بۆ ئەمڕۆکەش لە دژی یەک سەنگەر دەگرن و حازر نین قامک لە سەر بونی یەک دابنێن و یەکتر قەبوڵ بکەن؟ دوژمنتان کەمە؟ کێشەتان کەمە؟ باری ئابوریتان زۆر خاوێنە؟ گەلێکتان بە سەربەخۆیی گەیاندوە و نازانن چی بکەن؟ ئەی کێشە چیە؟ لوت بەرزی بۆ کام دەسکەوت و بە کام مەبەست؟ یەکڕیزی ناو خۆیتان جوانە؟**

**زۆر لە مێژە کاتی ئەوە هاتوە کە کورد هێزێکی نەتەوەیی ببێ، کە <u>ئەو هێزە وەک دەوڵەت لە تەبعیددا</u> کار بکات، چاودێری هەمو حیزبەکانیش بێت و خەتی سور دابنێت و بۆخۆی رۆڵی دیپلۆماسی کورد وەئەستۆ گرێت و ئەم کارە لە حیزبەکان کە لە خۆڕا وەئەستۆی خۆیانیان گرتوە بستێندرێتەوە. با لە موجاهیدینی خەڵکی ئێرانەوە شت فێر بین!(بێ لایەن لە سیاسەتەکەی) ئەوان دەوڵەتێکیان لە تەبعیددا دروست کردوە و ئامادەن لە دوا رۆژی ڕوخانی کۆماری ئیسلامی جێگری دەوڵەت بن و ئەلحەق هێندێ وڵاتیش بە شاراوەیی پشتیوانیان لێ دەکەن و بە ئاڵترناتیڤیان دەزانن، هیچ نە بێت وا دەنوێنن! ئەی کورد بۆ کارێکی وەها و رێک و پێکتر و گەورەتر ناکات؟ بۆ بە هەمومانەوە شتێکی وا دروست ناکەین؟ شەرت نیە دەقا و دەق ئەوەی ئەوان یا هی کەسیتر کۆپی بکەین، بەڵام با لە ئەزمونەکانیان دەرس وەربگرین. گەڵی کورد بۆ سەرکەوتن ئەمەی پێویستە و ئەمە ئوتوریتە دەدات بە کورد وەک نەتەوە و رێگا خۆشکردنە بۆ دەوڵەتی کوردستان. بە بونی ئەمە کورد چ لە ناو نەتەوە یەکگرتوەکاندا (un) و چ لە ناو پارلمانی ئوروپا و چ لە ناو هەر کۆڕ و کۆمەڵێکی نێونەتەوەیی گوێ لە قسەی دەگیرێت و ئوتوریتەی دەبێت، حیسابی بۆ دەکرێت و وەزن و پێگە و شوێنی بۆ دادەنێن، بێجگە لەمە کورد تەنێ بە حیزبایەتی هیچ کارێک ناتوانێت بکات، بێجگە لە دەست گرتنەوە بۆ بەش، هیچی تر!!**

**لە بیرمە چەند ساڵێک لەمەوبەر کورد ئەم کارەی کرد و شتێکی وەهای بە ناوی کۆنگرەی نەتەوایەتی دروست کرد کە هەمو حیزبەکان بێجگە لە دو حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و پارتی دێمۆکراتی کوردستانی عێراق، هەمو حیزبەکانیتر تێیدا بەشدار بون و هەروەها زۆر کەسایەتی سەربەخۆ و رامیاری کوردیش بەشداری ئەم کۆنگرە بون و لە کاناڵی ئاسمانی مێدەوە هەمو قسەی باشیان لە سەر کۆنگرەکە دەکرد، بەڵام بو بەچی؟ هەنوکە لە ئینتێرنێتدا دو دیاردەی نەتەوەیی و نیشتمانی چالاکن کە یەکیان کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان ( knc) بە سەرۆکایەتی رێزدار دوکتۆر جەواد مەلا و ئەوەیتریان کۆنگرەی نەتەوایەتی کوردستان (knk) پێموابێ بە سەرۆکایەتی رێزدار عەبدوڵا حیجاب. زۆر جوانە 2 کۆنگرەی نەتەوایەتی بۆ یەک کوردستان، واتە 2 دەوڵەت بۆ یەک وڵات!!! زۆر جوانە ڕەنگە کۆنگرەی نەتەوایەتی تریش هەبن کە من نایانناسم، لەو حاڵەتەدا دەبێتە نمونە لە جیهاندا و بۆ ئەوە دەبێت کە دەوڵەتانی جیهان دەرسمان لی وەرگرن!!!**

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

بەڵام یەک پرسیار دێتە پێشەوە و ئەویش ئەوەیە کە، جوانتر و بە پێزتر و سەنگینتر نیە هەمو ئەو کۆنگرانە خۆیان هەڵوەشێننەوە و دەعوەت لە هەمو کەسایەتیە سیاسی و ناوەدارەکانی کورد و حیزبەکانیش بکرێت کە هەمو پێکەوە کۆنگرەیێکی سەرتاسەری ببەستن و دەوڵەتێکی کوردی لە دەرەوەی وڵات پێک بێنن و ئەرتەشێکی نەتەوەییشی بۆ تەرخان کەن و واز لە خۆ بە زل زانینیش بێنن و با حیزبەکانیش لە گەڵ ئەوەشدا کە نوێنەری خۆیانیان لە ناو کۆنگرەی کوردستانی یەکگرتودا هەیە، حیزبایەتی خۆشیان بکەن و شەڕی چەکداری دژی یەکتر وەلا نێن و شەڕی ئێعلان و پۆلیمیکی سیاسی و ڕەقابەتی ئوسولی دەست پێ بکەن؟

ئەمە تاقە ڕێگای ڕزگاری کوردە لە هەمو مەینەتیەکانی خۆی. تا کەی باسی مەینەتی خۆمان بکەین و بە تاق و بە کۆمەڵ هاوار بێنین بۆ خەڵکی جیهان و داوای بەر بونی زیندانیە سیاسی و مەدەنیەکانمان بکەین؟ تا کەی داوای ناسینی سەردەشت و هەڵەبجە و ئەنفالمان بکەین؟ ئێمە فێر بوین داوا لە خەڵک بکەین و لە خەڵک وەپاڕێین کە کارێکمان بۆ بکەن و ڕزگارمان کەن، بەڵام ئایا دەزانن کە سەبەبی هەمو مەینەتیەکان خۆشمانین و خۆمان بی گوناح نین لەم بارەوە؟ ئایا ئێمە باشتر نیە بە جێگای پاڕانەوە و لاڵاناوە خۆمان کارێک بکەین؟ ئەی بۆ نایکەین؟ بۆ یەک ناگرین؟ عەقڵیەتمان لە کوێیە؟ شعورمان کەوتۆتە ژێر خەروار خەروار کتێبی سیاسی و فەلسەفی و ئازادیخوازی و ئەمانە، بەڵام عەمەلمان کوا؟ تاکتیکمان کوا؟ ستراتیژی سەحیح و دروستمان کوا؟ ڕێنوێنیەکانمان چین؟ سبەینێ 24.07 چەند هەزار کورد دێن بۆ لۆزان و ژنێف بۆ دەربڕینی نارەزایەتی؟
ئایا ئیتر دژی یەک شت نوسین بەس نیە؟ ئایا ئیتر دوژمن لە خۆمان شاد و خۆش کردن بەس نیە؟ ئایا ئیتر لە سەر یەک ناو و نوتکە دروست کردن بەس نیە؟ ئایا ئەم دیاردە عەیب نیە، ماتڵێن هاوڕێیکمان شتێک بڵێت و 3 مانگ بیری لێ وەکەین و دوایی نوسراوەیێکی لە سەر دەر کەین و ئەویش 3 مانگ بیری لی بکاتەوە و خۆی پێوە ماندو بکات و وڵام باتەوە؟ ئەسڵەن ئەمە لازمە؟ دوژمن لە بیر چۆتەوە؟ دوژمن نەماوە و تەواو بوە؟ یا ئەوەی کە تەسلیمی بوین و پێمان وایە دەرەقەتی نایەین و واز لەو بێنین و شەڕی ناوخۆیی بۆ کورسی دەسەڵات بکەین؟ بەڵام کامە کورسی دەسەڵات؟ باز دان بە سەر هاوڕێ هاوسەنگەرەکەتدا؟ ئەو هاوڕێیەی کە ساڵیانێکی درێژ پێکەوە لە سەنگەرێکدا بون، ئێستا ئەو دوژمنتە؟ منی ئەندامی ساویلکەی گوێ لە مستیش بێم لە ناو ئەم گۆمەی جەنابتانا مەلە بکەم؟ نا نا نایکەم، ڕێگەت پوچ و کات بە هەدەر دانە، دوژمنم بەهێزە وەرە تۆش وەک جاری جاران تف لە کورسی دەسەڵات کە و ڕو لە گەل و نیشتمان و بۆ ئازادی و یەکسانی و سەربەخۆیی و سەروەری حەول بدە، ئەو وزە و شەونخونی و کاتەی کە بۆ دژی یەک شت نوسین بە هەدەری دەدەیت، خەساری دوژمنی کە و حەولی یەکگرتویی و یەکڕیزی بدە، یەکڕیزی و یەکگرتویی شۆڕشی گەورەیە، ئەمە کارساز و سەنگین و بە پێزە، نەک شەڕی کورسی دەسەڵات لە ناو حیزبەکەتدا!!!
ئازادی و سەربەخۆیی وەک خزمەتگوزارێک و وەک پێشمەرگەیێک بەرەوە بۆ خەڵکی ناو وڵات، دەبیتە قارەمانی نەتەوایەتی و ناوت دەچێتە ناو مێژوی گەلەکەتەوە!
لە سەر کورسی دەسەڵات ڕەقابەت بکە و برۆرەوە ناو خەڵک، پشتت تێ دەکەن و هەمو ڕابردوت پشت گوێ دەخەن! چونکە ئەمە دیاردەی گەندەڵی دواڕۆژە و ژاراویە بۆ گەلی کورد! ئەمە شۆڕشی بچوکە!!

1ی گەلاوێژی 2707

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com